# پەنا بردن بۆ کۆمەڵگەیەکی زۆرەملی، لە بەر شاردنەوەی نەداری و هەژاری

**ئا: سالار بابەشێخ**

(مەنسوور جەژنی کەریم) لە ساڵی1933لەدایکبووە، باوکی 8 منداڵە و ئێستە لە (کۆمەڵگەی سێبیران) نیشتەجێیە، سێ منداڵی ناوبراو مەنگۆڵن، مێشك شێواو و ناتەوان، ئەمەش باری گوزەرانیانی تێکداوە.

"هەر سێکیان لای خۆمن، هیچیان تەواو نیینە شەوێ چاویان نابینێ، قەلبیان دەلەرزێ، ناتوانن خۆیان خاوێن بکەنەوە، دوویان کوڕن یەکیشیان کچە". وەك باسی کرد دایکیان 12-13 ساڵە کۆچی دوایی کردووە، "لە مەراقی ئەو منالأنەی مرد".

مەنسوور لە تەمەنی پەککەوتوویيدایە و وەك ئاماژەی پێدا هیچ کارێکی نییە، "نە مەعاشم هەیە و نە تەقاعودم، ئەگەر کوڕە گەورەکەم نەبێ لە برسان دەمرین، ئەویش بۆخۆی 5 سەر خێزانی هەیە و تەنیا راتبی پێشمەرگەی وەردەگری".

مەنسوور یەکێکە لەو سەدان هاووڵاتییەی کە هیچ داهاتێکیان نییە و باری گوزەران و ئاستی بژێویان لەوپەڕی مەترسی و خراپیدایە، ئەو وزەی کارکردنی نەماوە و باری تەندروستی زۆر خراپە، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر پەرۆشی منداڵە عەقڵ شێواوەکانیەتی، چونکە چارەنووسیان نادیارە و "کەس ئاوڕێکیان لێ ناداتەوە".

"خەدیجە ئەحمەد جەژنی"ی تەمەن 19 ساڵ بووکی ماڵەکەیە و دایکی پێنج منداڵە و دوو منداڵیشی باری تەندروستییان تەواو نییە، ئەمەش سەرباری ئەوەی کە دەبێت بەردەوام خزمەتی باوك و خوشك و براکانی مێردەکەی بکات. ئەو ژنێکی زۆر ماندووە و دەڵێت "ئەگەر ئەوانە ئامۆزام نەباین نەمدەتوانی یەکسەعات خزمەتیان بکەم، چونکە خاوێنی هەڵناگرن، لەشیان چەورە، دەبێت بە دەستی باروباریان بکەم، جلیان لەبەر بکەم، نانیان بە دەمەوە بکەم"، ئەو لەوە نیگەرانە کە مووچەی مێردەکەی بەشیان ناکات، بۆیە دەڵێت "بەخوای مردین لەو مانگەی هەندی قەرد بکەین".

داوا لە حکومەتی کوردستان و خەڵکی خێرخواز دەکات لانیکەم ئاوڕێك لەو سێ مرۆڤە بدەنەوە و چارەسەریکیان بۆ ببیننەوە. "ئەوە 11 نەفەر لە سەروگۆمە، مێردەکەم بەو گەنجییە پیر بووە بەدەست خەم وخەفەتەوە، راتبەکەی بەشی خۆمان ناکات".

ئەمە دواقسەی ژنێکی 19ساڵانەیە کە 11 سەر خێزان بە هەموو ئەرك و کارەکانیانەوە کەوتۆتە سەرشانی ئەمەش جگە لە نەداری و ناساغی و زۆر کۆسپی دیکەی بەر دەمیان ، بۆیە دەڵێت "داوا لە خەڵکی خێرخواز و حکومەتی هەرێمی کوردستان و جەنابی سەرۆك کاك مەسعوود دەکەم ئاوڕێك لەو سەقەتانە ئەو مامە ئیختیارەم بدەنەوە".